کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-12-2006 11:47 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## فتوا و زەنگی کەنیسە ... ستیڤان شەمزینانی

هاوزەمان لەگەڵ گرێدانی کۆنفراسی یەکەمی کەنیسەی کورد زمان (ئینجیلی) گروپە توندو سەلەفییە ئیسلامییەکان تورەییان تەقییەوە و بەزمانی فتواو هەرەشە هەڵوێستی خۆیان دەربڕی لەبەرامبەر بەمەسیحی بوونی ژمارەیەکی زۆر لەکوردی بەڕەسەن موسڵمان.



لەزۆرێك لەڕایەڵە ئاینییەکانەوە هاتوهاوار بەرزبووەوە گوایە ئەمە پرۆسەیەکی ترسناکی لەنێوبردنی ئیسلامە لەکاتێکدا کەنیسەی ئینجیلی هیچ بانگەشەیەکی لەوجۆرەی نەکردووە، یانژی بەشێك لەئیسلامگەری سیاسی پرۆسەی بەمەسیحی کردن لەدنیای ئیسلامیدا بەکارێکی حەرام و نەکردە دەزانن و پێیانوایە مەترسی گەورەی دەبێت لەشێواندنی کۆمەڵگەکانیان.

ئەو مافە بەکەنیسەی ئینجیلی نادەن لەکۆمەڵگە موسڵمانەکاندا بانگەوازی ئاینەکەی بکات بەڵام ئیسلامگەری سیاسی لەنێوجەرگەو چەقی خۆرئاواو دنیای مەسیحیدا بانگەوازی ئاینەکەیان ڕادەگەیەنن و ساڵانە دەیان هەزار کتێبی شەرعی و ملیۆنەها نوسخە لەقورئان و تەفسیرەکانی بەزمانە جۆراو جۆرەکان ڕەوانەی خۆرئاواو دنیای کریستیانی دەکەن.

تەنانەت کەمپینێك بەناوی (ڕابوونی ئیسلامی) یەوە لەئارادایە بۆ بانگەوازکردنی خەڵکانی مەسیحی و پەیڕەوکارانی ئاینەکانی دیکە بۆسەر ئاینی ئیسلام.

قەشەیەکی وەك (ئەحمەد دیدات) و کۆمۆنیست و بیریارێکی وەك (ڕۆژیە گارۆدی) دەبنە موسڵمان ئەمە بەلای ئیسلامییەکانەوە کارێکی ئاسایی و گونجاوە بەڵام گەنجێکی بی ناوبانگ و دابڕاو دەبێتە مەسیحی، ئەوە سەری دنیایان لێدێتەوە یەك و وادەزانن جیهان کاول بووە و سبەینی کۆتایی دنیایە.

کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان وەك ڕێکخراوێکی توندڕەوی ئیسلامی زۆر بەپەرۆشییەوە چاودێریی ئەم مەسەلەیە دەکات و بەرادەیەك لێی تورەبوون باڵانسیان دەرچووە و هەر دەڵێی ئاور لە هەناویان بەربووە.

بەدەیان شێوە و میکانیزم و ڕێگە سەرقاڵی ترساندن و زراوبردنی خەڵکن تا چیتر نەبنە مەسیحی، لەلایەکی ترەوە بەچەندین گوزارشت و زمان لەهەوڵی ناوزڕاندن و پڕوپاگەندەی سەیروسەمەرەن لەدژی ئەو کەسانەی بوونەتە مەسیحی و لەهەمان کاتدا لەدژی کەنیسەی کورد زمان (ئینجیلی) .

لێرەوە هەوڵدەدەم کەمێك تیشك بخەمە سەر ئەم پرسەو وردتر و بەدیقەت تر هەڵوێستی ئیسلامگەری سیاسی ئاشکرا بکەم.

### ڕۆژنامەی کۆمەڵ و بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری

ڕۆژنامەی کۆمەڵی ئیسلامی (کۆمەڵ) لەژمارە (223) دا بەمانشێتی گەورە لەلاپەڕەی یەکەمدا نووسیوویەتی: (وەفدێکی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری لەسەردانی ماملۆستا عەلی باپیردا: بەگاورکردن لەکوردستان پیلانە بۆ تێکدانی پەیوەندیی موسڵمان و مەسیحییەکان) ئەم مانشێتەی ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) لەچەند ڕوو و سیاقێکەوە جێگەی ئیست و لەسەر وەستانەوە:

ڕ-بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری نوێنەری نەتەوەیی گەلی کلدۆئاشوورییە نەك باوەڕدان بە مەسیحییەت، ئەم بزوتنەوەیە ڕەوتێکی ناسیۆنالیستییە و کار بۆ دۆزی نەتەوەیی ئاشوورییەکان دەکات نەك بۆ ئاین ئەگەر وابوایە دەبوو ناوی بزووتنەوەی دیموکراتی مەسیحی بوایە.

ب-ئەگەر لەحاڵەتێکدا بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری نوێنەرایەتی کریستیانەکانی عێراقیش بکات نابێت دەخالەت لەپرسێکی لەو جۆرەدا بکات، چونکە بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری پارتێکی سیاسییە و بۆی نییە دەست لەکاروباری ئاین و لاهوت وەربدات، عیسای مەسیح خۆی ئەم هێڵەی کێشاوەو دەڵی هەرچی کاری قەیسەرە بۆ قەیسەر و ئەوی کاری خواوەندە بۆ خواوەند، سترۆکتۆری ئاینەکە وەهایە وەڵامی یەکلایکەرەوە و پابەند بەئاین لەدەسەڵاتی باڵای کەنیسەو کاردینال و قەدیسەکان وەردەگرێت نەك لەپارتێك کە کارە سەرەکییەکەی بریتییە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سیاسەت.

ج-ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری نوێنەری کریستیانانەو دەتوانی هەموو بڕیارێکیش بدات، بەڵام ناتوانێت دەرگای باوەرهێنان لەسەر خەڵك دابخات چونکە ئاینی کریستیانی ئاینێکی تەبشیرییە و دەرگای والآیە بۆ هەرکەسێك پەیڕەویی لێبکات.

یان بەواتایەکی تر مەسیحییەت ئاینێکی لۆکاڵی و تایبەت نییە بەگەل و نەتەوەیەك، لەم حاڵەتەشدا بزوتنەوەی دیموکراتی ناتوانی ئەو مافە لەخەڵکانی تر وەربگرێتەوە لەمەڕ باوەڕهێنان یان نەهێنان بەئاینی کریستیانی.

د-وشەی گاور لە مانشێتەکەی ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) دا بەکارهێنراوە، دڵنیام ئەم وشەیە لە زمانی وەفدەکەی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری وەرنەگیراوە لەبەرئەوەی ئەم گوزارەیە جۆرێکە لە سوکایەتی بەهەموو کریستیانێك، ئەو وشەیە لەلایەن خەڵکانی موسڵمانەوە وەك زاراوەیەکی نزم و هاوشانی جنێو لەبەرامبەر کریستیانان دەردەبڕدرێت. ڕەگ و چاوگی وشەی (گاور) بەپێی زانیاریی من لەزمانی تورکیدایەو دروسترین ماناشی (کافرە) دیارە لە ئیسلامدا چۆن لەکافر دەڕوانرێت؟ کافر لەدیدی ئیسلامیدا شیاوی کوشتن و سوکایەتی پێکردن و دیل و کۆیلە کردنەوە.

## عەلی باپیر رۆڵی یوسف قەرەزاوی وازی دەکات.

مەلا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەچاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی (میدیا ) دا فتوای کوشتن دەدات و هەرەشە لەو خەڵکانە دەکات باوەڕی خۆیان لەئیسلامەوە گۆڕیوە بۆ مەسیحی، ئێمە لەماوەی چەندان ساڵی ڕابردوودا لەنزیکەوە و لەسەر شاشەی تیڤی فتواکانی ئەم پیاوەمان دیوەو زۆرجاریش لەڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا وەعزو هەڵوێستە توندو ئاگرینەکانیمان خوێندۆتەوە.

عەلی باپیر دوای فتوای لەناوبردنی مەریوان هەڵەبجەیی چەکی فتوای لەشان دانەنا بەڵکو بازاڕەکەی گەرمتر کردووە و هەنووکە بانگەواز بۆ کوشتنی ئەو دەستە گەنجە بەمەسیحی بووە دەکات.

ئیسلامییەکان لەتەواوی دنیادا خاوەنی زمانێکی ستانداروو فەرمین ئەویش زمانی فتواو هاندانی تیرۆرە، ئیسلامییەکانی کوردستان وەك بەشێکی دانەبڕاو لەئیسلامگەری سیاسی وڵاتانی عەرەبی بەهەمان زمان و ستایڵ موخاتەبەی دەرەوەی خۆیان دەکەن.

عەلی باپیر وەك یەکێك لەوتارە خوێنە دەمارگیرەکان وەستایەکی کارامەو پسپۆڕێکی پڕۆفیشناڵی بواری فتوا بەخشینەوە و هاندانی توندو تیژییە و لەزۆربەی حاڵدا دەگاتە شانی مامۆستا سەلەفییەکانی لەدنیای عەرەبیداو هەندی جاریش تێیاندەپەڕێنێت.

ئاخر دنیای عەرەبی، فتواو وتاری مەلا دەمارگرژەگان هەناسەی لەبەربڕیوە و لاشەی دارزاندووە، مزگەوت وەك کەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاست هەژموونی کردووە بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و

ڕۆشنبیرییو ئابووریدا، لەوڵاتانی عەرەبی كونجێك نەماوە ئاین و فتوا خۆی نەخزانبێتە ناوی، هەناسەیەك نییە بارگاوی نەكرابێت بەوەعزی مەلاكان.
نووسەری فەلەستینی نیشتەجێی نەرویژ (د. ئەحمەد ئەبومەتەر) دەنووسی: (ڕۆژانە لەزیاتر 100000 مزگەوت لەوڵاتانی عەرەبی بەئاشكراو بەدەنگی بەرز ئەم نزاو دوعایانە دەخوێنن: خودایە سەرمان بخە بەسەر فەلەو كافرو بی بڕوایان، خودایە منداڵەكانیان هەتیو بكە، خودایە ژنەكانیان بێوەژن بكە، ماڵەكانیان وێران بكە هتد.. ئەم تێڕوانینە ئاینییە وایكردووە كە توندوتیژیی دژی مەسیحییەكان ببێتە شتێكی ئاسایی هەروەك ئەوكردەوە تیرۆرییانەی كەلەوڵاتی میسری عەرەبی دژی قیبتییە مەسیحییەكان ئەنجام دەدرێت و موڵك و ماڵیان بەتاڵان دەبرێت) .
بۆیە بەلاتانەوە سەیر نەبێت ئەگەر سبەینی بۆمبێك لەبەردەم كەنیسەی ئینجیلی بتەقێتەوە و كارەساتێكی خوێنایی لێبكەوێتەوە مادام عەلی باپیرێك هەیە ڕەوایی دەدات بەكوشتن و خوێنی گەنجانی هەڵگەڕاوە لەئاینی ئیسلام بەهەموو شێوەیەك حەڵاڵ دەكات.
عەلی باپیر لەپەراسووی چەپی یوسف قەرەزاوی هاتۆتە دەری و كاری یەكەم و كۆتایی كردۆتە فتوادان و دابەشكردنی دۆزەخ و بەهەشت بەسەر خەڵكیدا.
یوسف قەرەزاوی وەك بازرگانێكی فتواو خوێنرێژیی ڕۆژی (2004/7/3) لەرۆژنامەی (الاهرام العربی) فتوایدا بۆ كوشتنی بیرمەندە موسڵمانە ئازادەكان و ناوینان (المرتدین) و بیانووی ئەوە دەهێنێتەوە و دەڵی: فوقەهای ئیسلام لەسەر ئەوە كۆكن كە سزای مورتەد بدرێت، هەرچەندە لەدیاریكردنی جۆرو ڕادەی ئەمە كۆك نین، زۆربەی زۆریان دەڵێن دەبی بكوژرێن ئەمەش ڕای هەرچوار مەزهەبەكەیە بەڵكو ڕای هەر هەشت مەزهەبەكەیە.
عەلی باپیر بەوێنەی قەرەزاوی پاساوی شەرعی و كۆكی فوقەهای ئیسلام بۆ فتواكانی دەهێنێتەوە، ئەو نەك ئەوانەی بوونەتە مەسیحی بەشایەنی كوشتن دادەنێت بەڵكو ئەو ڕۆشنبیرو بیریارانەی گومان دەكەن یان بەمیتۆدێكی عەقڵانی و هاوچەرخ لەئیسلام دەڕوانن بەمورتەد دەزانێت وتاكە سزای مورتەدیش لەئیسلامدا لەكوشتن بەولاوە هیچیتر نییە.
باپیر هەوڵدەدات بۆ پاساوی بەكارهێنانی توندوتیژیی حیكایەت دروست بكات لەوە زێدەتریش دەیەوی شەرعیەتی توندو تیژییەكان لەدەمی خودی مەسیحییەكانەوە وەربگرێت، مانشێتەكەی ڕۆژنامەی كۆمەڵ بۆئەوەیە وێنایەك لەخەیاڵدانی خەڵكدا دروست بكرێت تەنانەت مەسیحییە ڕەسەنەكانیش دژی ئەم كردەیەن و بەئاژاوە و دووبەرەكی لەقەڵەم دەدەن.
مەریوان وریا قانیع دەنووسێت (هەموو هێزێك كە توندوتیژیی بەكاردێنی پێویستی هەیە كە حیكایەتێكی هەبی، بۆئەو توندو تیژییەی بەكاریدەهێنێت) عەلی باپیر وەك رابەری هێزێكی سەلەفی زۆر موشتقاتی داتاشینی حیكایەتێكە بۆ ڕەوایی دان بەفتوا خوێناوییەكانی.
یەكێك لەو حیكایەت و پاساوانەی ئیسلامگەری سیاسی بەردەوام بەدژی مەسیحییەكان بەكاریدەهێنی ئەوە گوایە ئاینی جوولەكەو مەسیحی بەهاتنی ئیسلام نەسخ بوونەتەوە و ئاینی ئیسلامیش بەكۆتا ئاینی هەموو مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدەن.
نووسەری عیلمانی عەرەب (عەفیف ئەخزەر) باوەڕی وایە ( (سەیركردنی یەهودیەت و مەسیحییەت وەك دوو شەریعەتی نەسخكراو و لەقەڵەمدانی ئیسلام بەتەنیا ئاینی سەرگۆی زەوی كە تەنیا ئەوانە سەرفراز دەبن كە دەچنە ناویەوە یان بەپێویست زانینی ئەوەی تا ڕۆژی قیامەت جیهاد بەردەوام بێت بۆئەوەی تێكڕایی مرۆڤایەتی بەزۆر بێت یان بەخواستی خۆیان ئیسلام بن یەكێكە لە سەرەكیترین

هۆکارە ئاینییەکانی تیرۆری ئیسلامی و ڕێگری گەورەشە لەبەردەم ئەوەی بەشێکی بەرفراوانی موسڵمانانی خۆرئاوا تێکەڵ بەکۆمەڵگە عەلمانییەکانی ئەوی بن) ) .

هەر ئەم هۆکارە ڕۆڵێکی بەرفراوانی هەبووە لەسەرکوت و چەوساندنەوەی مارۆنییە مەسیحییەکانی لوبنان و قیبتییەکانی میسر و گەلی دارفور لەباشووری سۆدان، وەك بینیمان هەردوێنی بوو جاشەکانی جەنجەوید ئەنفالی مەسیحییەکانی باشوری سۆدانیان کردو گەورەترین تراژیدیای ئینسانیان خولقاند.

د. شەفیع خزر دەڵێ (مێژووی نوێی سۆدان چەوساندنەوەی ئاینی بەخۆوە نەبینیووە بەڵام سەپاندنی یاساکانی سێپتەمبەری ئیسلامی لەلایەن-نمووێرییەوە- لەخۆی لەبەرامبەر تەنگژەیەکدا بینییەوە و دەڵەت بوو بەدەزگایەکی تیرۆریستی و فاشی بەناوی ئاینەوە لەژێر دەسەڵاتی بەرەی ئیسلامیدا) .

عەلی باپیر دەویەوی هەمان ئەزموونی تاڵی عەرەبی ئیسلامی لەکوردستان دووبارە بکاتەوە بەڵام خۆشبەختانە چانسی ئەوە نییە بتوانی دەسەڵات وەربگری یان پارتەکەی بەوجۆرە بەهێزو کاریگەر نییە، مەگەر بتوانێت لابەلا تەقینەوەیەك ئەنجام بدات.

عەلی باپیر دەیەوی ڕۆڵی یوسف قەرەزاوی وازی بکات و هەژموونی فتوای خۆی فەرزبکات کە ئەرکی ڕەوتە عیلمانییەکانە پێشگیریی لێبکەن تا کوردستان نەبێتە جێگەی تاقیکردنەوە تاڵەکانی دنیای عەرەبی کە ئاین بەهەموو پنتەکانیدا ڕۆچووە هەروەك (شاکر نابلیسی) دەڵێت (عەرەب تەسلیمی ڕۆشنبیرییەکی مزەوەری ئاینی بووە، بەجۆرێك وتاری وروژێنەری ڕۆژانی هەینی و بەرنامەی ئاینی و پەرتووکی ئاینی خاڵی جیاکەرەوەن لەنێوان تاڵ و شیرینییەکاندا هەروەها لەنێوان ئاین و سیاسەت و ئابووری و فێربوون و ڕۆشنبیریدا) .

باپیر یەکێکە لەو سەرکردە ئیسلامییانەی خوازیاری ئەوەیە بەچەشنی وڵاتانی عەرەبی ئاین خاڵی یەکلایکەرەوە بی نەك بابەتێکی ڕۆحی مرۆڤەکان، باوەڕم وایە عەلی باپیر پیاوێکی مەترسیدارەو لەوانەیە ئاراستەی کۆمەڵەکەی لەدواجاردا بۆ گرووپێکی تیرۆریستی ببات و ببێتە قەرەزاوی لەفتواداو زەرقاوی لەتیرۆردا.

بەڵام تاکە جیاوازیی قەرەزاوی و باپیر لەوەدایە قەرەزاوی لەپەنا هەستە ئاینییەکەیدا خاوەنی دیدگای عروبەیە و ساڵی 2002 کاتی شکاندنی موشەکەکانی سەدام وتی وادەزانم پەراسووەکانیمن دەشکێنن کەچی عەلی باپیر ئامادەنییە بۆگیانی سەدان هەزار شەهیدی کوردستان تەنیا خولەکێك بەپێوە ڕابوەستی.

## کولتووری لێبوردن و ئیسلامگەری سیاسی

بودا دەڵێت (هیچ ڕقێك بەڕق چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بەخۆشەیستی ڕق کەم دەبێتەوە و لەناو دەچێت) ئیسلامگەری سیاسی نەك وەڵامی ڕق بەتیرۆر دەداتەوە بەڵکو لەبەرامبەر خۆشەویستیشدا شمشێر لەکێلان دەردەهێنی. چونکە تاکە زمان کە هەیەتی توندوتیژییە و لەسەر دڵڕەقی و کوشتن ڕاهێنراوە، ناتوانێت بەرگەی پێکەوە ژیان و جیاوازبوون بگرێت، دەیەوی لەرێگەی کینەو تیرۆرەوە دەست بەسەر دنیادا بگری و هەموو مرۆڤایەتی ملکەچی پەیامەکەی بکات، کولتووریی و بەخشندەیی لەویژدانیاندا نەچێنراوە ناتوانن وەك کریستیانەکان نوێژ بۆ ئەوانە بکەن ستەمیان لێکردوون، ئارامیی ئەوەیان نییە گەر زللەیەك لەلای ڕاستیان درا تەقەبولی بکەن چجای ئەوەی لای چەپیان شل بکەن.

باوەڕم وایە توندوتیژیی و ڕق لەئیسلامی سیاسی دەربهێنە هیچی نامێنێتەوە هەربۆیە ژینگەی گەشەکردنیان لەکۆمەڵگە ئارام و جێگیرەکاندا نییە هەروەك چۆن ئەو کەسانەی تەسلیم بەقەدەری ئیسلامگەربوون ئەو خەڵکانەن لەڕووی دەروونییەوە نائارام و تووڕەن و خودانی کۆمەڵە گرێیەکی قووڵی نەکراوەن.

جارێك لەژنە سۆفی گەورە (رابیعەی عەدەوی) یان پرسی بەقەدەر ئەوەی لە عیشق و خۆشەویستی خوادا تواویتەوە هێندەش کینەت لە ئەهریمەنە؟ لەوەڵامدا وتی: خۆشەویستی خودا بەجۆرێك داگیری کردووم جێگەیەك نەماوە بۆ رق لێبوونەوە.

ئایا ناکرێت ئیسلامییە هاوچەرخەکانی چاوێك لەرابیعە بکەن و خۆشەویستی خودا داگیریان بکات لەبری رق و تورەیی و کینە؟ ئایا ناتوانن مرۆڤەکانیان خۆشبوی پێش هەر ئینتمایەکی ئاینی و مەزهەبی؟

ئایا ناتوانن بەنەرم و نیانی و بەزمانی گفتوگۆ لەگەڵ نەیارەکانیان مامەڵەبکەن لەبری تەقاندنەوەی تاوەرەکانی بازرگانی و چاندنی مین لەژێر هێڵەکانی میترۆ؟

ئایا ناکرێت کاتێك کەسانێك ئاینەکەیان بەجێدەهێڵن لەبری تەقینەوەی بورکانی تورەییان بێدەنگی هەڵبژێرن و ئەو ئازادییە بەعەقڵی مرۆڤ بدەن کەچی هەڵدەبژێرێت؟

ئایا ناتوانن لەبری پشتێنی (تی. ئێن. تی) و چەکی سەرشانیان قەڵەم لەگیرفانیان دابنێن و شەڕبخەنە دوو توێی کتێبەکانەوە؟ ئەوە نییە (بیسمارك) دەڵی (ئەگەر لەبری چەك بەقەڵەم شەڕ بکەیت دوژمن لەناودەچێت) . بۆچی ئیسلامییەکان ئەم وتەزایە ناکەنە دروشم و کاری پێناکەن ئاخۆ چاکتر نییە لەو ئازارە نەبڕاوەیەی بەسەر جیهاندا هێناویانە؟

بۆچی ستەمیان لەهەموو شتێك پی باشترە؟ خۆزگە لە (سوقرات) ەوە فێربوونایە (ستەمت لێبکرێت باشترە لەوەی ستەم بکەیت) خۆزگە ستەمیشیان قبوڵ نەکردبا لەوە چاکتر بوو خۆیان ببنە جۆشدەری ستەمکاریی و بەردە گەورەکەی (بیلال) لەژێریدا دەیناڵاند و بەنرکە نرك دەیوت (احد احد) بخەینەسەر سنگی گەنجێکی هەژار لەسووچێکی کەنیسەدا دانیشتووە تەرانیمە دەخوێَنی.

گاندی وتەنی (هەر کەسێك خەڵك ڕاونی خۆشی ناحەسێتەوە) ڕاونانی نووسەران و فتوای رەش و مانۆڕی تیرۆرو هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لەگەنجێکی مەسیحی چ سوودێك بەئاین دەگەیەنی جگە لە نابووت کردن و ڕیسواکردنی؟

من وابیردەکەوە مرۆڤ لە هەموو شت گرنگترە مرۆڤ چەقی هەموو شتەکانە، ئەوە هەر مرۆڤیشە نرخ و بەها دەدات بەجیهان و ئەوانەی لەنێویدا هەن، کۆنفۆشیۆس بیست و پێنج سەدە پێش ئێستا هەمان بیروباوەڕی هەبوو ئەو دەڵی (ئەوە حەقیقەت نییە مرۆڤ بەنرخ دەکات بەڵکو ئەوە مرۆڤە حەقیقەت بەنرخ دەکات) .

بەپێچەوانەوە لای ئیسلامگەر هەموو شکۆو بەهایەکی مرۆڤ بەستراوەتەوە بەجۆری بیروباوەڕو ئاینەکەیەوە لەدنیابینی ئەواندا هەموو خەڵکانی دەرەوەی ئیسلام بوونێکی بی بەهایان هەیە هەربۆیە کوشتن و لەنێوبردنیان تەنیا جۆرێکە لە فەوتاندنی بی بەهاکان و لەچوارچیوەی رۆتین و کارێکی ئاسایی دایە.

## دنیای فرە ڕەنگ و فاشیزمی ئیسلامی

مەریوان وریا قانیع دەنووسێت (یەکێك لەپێناسەکانی فاشییەت بریتییە لە هەوڵدانێکی گشتگیرو کۆگیر بۆ سرینەوەی هەموو جیاوازییەك) .

فاشیزمی ئیسلامی باوەڕی تەنیات بەیەك حوکم و بەیەك جیهان هەیە، دەیەوی مرۆڤەکان بەیەك چاو ببینن و بەیەك گوی ببیستن و بەیەك دەم بپەیڤن، ئەوان جیهانێکیان دەوی لەژێر رکێف و دەسەڵاتی خۆیاندا بێت و ئاین تاکە سیستەمی بەڕێوەبردن بێت لەنێو کۆی ئاینەکانیشدا ئیسلام بەلایەقترین ئاین دادەنێن بۆئەو مەبەستە.

فاشیزمی ئیسلامی بەسیاسەتی توندوتیژیی و بەڕێگەی تەقاندنەوە و ئیرهاب و سەرکوتکردن دەیەوی دنیا بەگوێرەی قورئان لەقاڵبدات و هەموو ڕەنگەکانی تر لەسەر شانۆی جیهان بسڕێتەوە.

فاشیزمی ئیسلامی سیمای ڕاستەقینەی ئاینی ئیسلامی بەجۆرێك شێواندووە کە پێناسەی ئیسلام تەریب بووە لەگەڵ تیرۆرو توندوتیژیی، لەکاتێکدا چەندین تەوژم و مەزهەبی ئاینی لەمێژووی ئیسلامدا دەرکەوتوون لەسەر سترۆکتۆری خۆشەویستی مرۆڤەکانی دی و ڕێز گرتن لەباوەڕی ئەوانیتر.

بۆنمونە سۆفی بەناوبانگ (محیدین بن عەرەبی) دەڵێت (لەپێشدا ڕووم لە برادەری خۆم وەردەگێڕا ئەگەر بیروباوەڕەکەی لەگەڵ مندا نەگونجابا بەڵام ئەمرۆ دڵی من بووتە پێشوازی هەموو چەشنە نیگارێك، لەوەڕگای مامزان، کونجی ڕەبەنان، بتخانە، کەعبە، تابلۆکانی تەورات، مەسحەفی قورئان، من سەری خۆم بە ئاینی یەکێتی عیشق سپاردووە) .

ئایا ئیسلامگەری سیاسی ناتوانن ئیبن عەرەبیبکەنە سەرمەشقی خۆیان؟ بۆنا.. دەکرا موسڵمانانی ئەمرۆ پەرە بەم کولتورە بدەن کە لەبەرەبەیانی ئیسلامەوە لەسەردەستی سۆفیزم

گەشەی کردبوو چونکە جیهانی ئەمرۆ ئەو کولتوورو ڕوانینە دەخوازێت، ئاخر مرۆڤەکانی ئەم چەرخە دەیانەوی سەرەڕای جیاوازییەکانیان لەبیروکرداردا بەشێوەیەکی ئاشتەوایی لەسەر ئەم هەسارەیە درێژە بەژیان بدەن. دنیای ئەمرۆ لەهەر کات زیاتر پێویستی بەو جۆرە ڕوانگەیە هەیە ئەگەر جیاوازییەکان ببنە هۆی تەقینەوەیەکی گەورەو دوور نییە بۆ ئەبەد ئاوەدانی لەسەرگۆی زەوی کۆتایی پێبێت.

هەرچەندە مرۆڤەکان لەڕووی ئاینییەوە جیاوازن بەڵام کرۆکی هەموو ئاینەکان لەوەدا کورت دەبێتەوە هۆیەکن بۆ گەیشتن بەخواوەندو هەموو یەك ئامانجیان هەیە، هەروەك ئەفسەرێکی مارێنز وتی: ئاینەکان تەنیا لەسەر زەوی جودان ئەگەرنا لەئاسمان و لای خودا یەکسان و هاوشانن.

ئەمە وەڵامی ئەفسەرێکی سوپای ئەمریکا بوو بۆ هاوڕێیەکم کەلێی پرسی ئایا تۆ کریستیانیت یان ئاینێکی ترت هەیە؟ ئەم دیدگایە لەمێژووی ئیسلامیدا شتێکی نامۆ نییە بەڵکو سۆفییەکان هەزار ساڵ لەمەوبەر هەمان ڕوانگەی ئەو ئەفسەرە ئەمریکییەیان هەبووە.

د. فەرهاد شاکەلی لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵی سۆفییەکان دەیانووت (ژمارەی ئەو ڕێگایانەی خەڵك دەگەینێتە خوا هێندەی ژمارەی خەڵکەکە خۆیەتی) واتە هەرکەسە ڕێگەی خۆی هەیە لەکاروانی گەیشتن بەخودا.

دەکرا ئیسلامی هاوچەرخ دەستی بەم کولتوورەوە بگرتباو بیکردبایەتە ئاوێنەی سەردەم، تا ئەو ئاستەی چیتر تەنیا ئیسلام بەپیرۆز نەزانرایەو ئەوانیتر بەقێزەون و ناشیرین، دەبوو منەوەران و ڕابەرانی ئاینی لەهەوڵدا بوونایە بۆ لێککردنەوەی پیرۆزیی لە ئاینی ئیسلام هەروەك چۆن ( (د. محەمەد ئەرکون) ) لەهەوڵی کارێکی لەوجۆرەدایە.

ئاخر ئەگەر ڕەش دژو پێچەوانەی سپی بێت، قەڵەو پێچەوانەی لاواز ئەوە پێچەوانەی ڕاستی درۆنییە بەڵکو موقەدەسە، هەروەك نیچە دەڵی (ئەوە بیروباوەڕی پیرۆزە کە دوژمنی سەرسەختی ڕاستییە نەك درۆ) .

دەکرا ئیسلامگەری سیاسی لەبری شپرزەبوون و هەڵچوون لەبەرامبەر بەمەسیحی بوونی ژمارەیەك لاوی کورد حاڵەتەکەی بەئاسایی و سانایی وەرگرتبا، هەق نەبوو بەناوی خوداوە قسەبکەن و ببنە وتەبێژی فەرمیی ئاسمان، خوداخۆی هەڵبژاردنی داوەتە دەستی مرۆڤەکان، ناکرێت ئیسلامییەکان خۆیان بکەنە نێوەند لەنێوان خوداو خەڵکی دا، حەلاج وتەنی (مرۆڤ بۆ هەناردنی نامەی خۆشەویستی بۆ خودا پێویستی بەنامەبەر نییە) .

هیچ پرسگەو زاڵگەیەك لەبەردەم مرۆڤدا نییە بۆ پەیوەندیی کردنی بە خواوەند هەر لەم ڕوانگەوە دەبوو ئیسلامگەری سیاسی ئەو مافەیان بەخەڵکانی تر بەڕەوا زانیبا بەچ شێوە ولەڕێی چ ئاینێکەوە خواپەرستی دەکات یان هەر نایکات فاشیزمی ئیسلامی هەموو ڕێگاکانی دیالۆگ و قبوڵکردنی ئەویترو پێکەوە ژیانی ئاشتیانە ڕەت دەکاتەوە و بڕیاری جەنگێکی نەبڕاوەی لەگەڵ هەموو ئایدیاو ئاینەکانی ترداوە تا ئەو ساتەی هەموو خەڵك دەهێنێتە سەر پەیڕەو کردنی ئیسلام و مزگەوتەکان جمەیان دی لەخەڵك و محەمەدی مەهدی لەئاسمان دادەبەزێت.

## کۆتایی

ئەو گەنجانەی بوونەتە مەسیحی مافێکی ئاسایی و سەرەتایی خۆیان ممارەسەکردووە نەك تاوانیان کردبی هەرچەندە فشارو چاوترسێنی زۆر لەسەریانە یان خەڵکانێکی تر هەن لەناخەوە حەز دەکەن ببنە مەسیحی بەڵام باروکەشی کۆمەڵایەتی و ئاینی ڕێگرە لەبەردەمیان.

هەندێك هەن هێشتا لە قۆناغی نهێنیماڵی (ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەم) دان و ناتوانن بەئاشکرا باوەڕی خۆیان بەیان بکەن چونکە خوێنیان حەڵاڵ دەکری و کوشتنیان ئاسایترین کارێکە ئەنجام بدرێت.

هەروەك چۆن لەدێریندا سۆفییەکان باوەڕی خۆیان دەشاردەوە لەترسی خوێن ڕشتنیان، سەهرەوەردی ئەو خۆپارێزییەی سۆفییەکانی کردۆتە بەیتە شیعرێك و دەڵێ:

**بالسر أن باحوا تباح دماؤهم　　　وكذا دماء العاشقين تباح**
**حافاهم فصفوا، قلوبهم　　　في نورها المشكاة والمصباح**

ئەمرۆ ئیسلام و هێزەکانی ئیسلام بەئەندازەیەك مەترسیدارن بوونەتە مایەی نائارامی و پەشێویی لە تەواوی جیهاندا، گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی وەك برای نووسەر (ئازاد قەزار) بڵێم: ئیسلام سەرەتاکەی ڕزگاربوون و کۆتاییەکەی کۆیلەبوونە لەپێشدا محەمەد و لەدوایدا بن لادنە.

هەرچەندە پڕ بەدڵ حەز دەکەم هەڵەبم.